# ئێمە تەنیا لە خەیاڵەکانی خۆماندا خاوەنی نیشتمانین

**بۆ ئێوەیە لە مەنفا.. بەیادی ئەو پیاسانەی تەواومان نەکرد**

**دیار عەزیز شەریف**
diaryaziz74@hotmail.com

یەك لە دیوە تاریکەکانی دەوڵەتی تۆتالیتارو کۆمەڵگای پاتریارك وەدەرنانی کەسایەتییە مەزنەکانی نیشتمانی دایکە بۆ دەرەوەی خۆی، کەسانێك تەنیا لەبەرئەوەی خاوەن دیدی جیاوازن‌و خەون بەئازادییەوە دەبینن ئەوا شاربەدەر یان وڵات بەدەر دەکرێن، دوورو نزیك مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی دەوڵەتگەرایی هیچ کاتێك بەدەر نەبووە لە بەرهەمهێنانی کاراکتەری مەنفایی..... ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی خوایشتی خۆیان مەنفا بە نیشتمانی دووەمی خۆیان یان ئەلتەرناتیڤی نیشتمانی ڕەسەن هەڵدەبژێرن، تەنانەت زۆرجاران بەکولتووربوونی تۆتالیتاریەت‌و دیکتاتۆریەت لە وڵاتێك‌و جوگرافیایەکدا وا لە کەسێکی وەکو میلان کۆندێراو هاوشێوەی ئەو دەکات ئەو بۆچوونە لەسەر نیشتمان بەرهەمبێنێت‌و بڵێت نیشتمان چەمکێکە لە زەینی مرۆڤدایەو لە دوای تێپەڕبوونی ئەم هەموو ساڵە چیك بەهەمان ئەندازەو وەك زۆرێك لە وڵاتانی تر بۆ من نامۆیە...لێرەدا کۆندێرا بەپێچەوانەی زۆر کەسەوە لە جیاتی ئەوەی قسە لەسەر ئازارەکانی مەنفا بکاو هەمیشە دەوروبەرەکەی لەوە ئاگاداربکاتەوە کە مەنفا هی ئەو نییەو ئەو تا ئێستاش خۆی بە موسافیرو میوان حیساب دەکا، ئەوا بە ئاراستەیەکی جیاواز لە مێژووی ژیانی زۆربەی مەنفاییەکان قسە لەسەر کاڵبوونەوەی نیشتمانی دایك دەکات لە زیهنی خۆیدا، بەم بیرکردنەوەشی کۆندێرا پێ لەسەر دابڕانی زیهنی‌و فیکری خۆی لە زیهنییەتی کۆمەڵگاو دەوڵەتی چیك دادەگرێت..ئەم ڕاوبۆچوونەی ڕۆماننووسی چیکی پێچەوانەی ئەو قسە باوەیە کە دەڵێت "من تەنها بە جەستە لە هەندەرانم، کەچی بە بیرکردنەوە لەناو نیشتمانم" ئەم بۆچوونەی کۆندێرا ئەو گوتارە سۆزدارییە ئاوەژوودەکاتەوە بۆ ئاستێکی تر لە تێڕامان کە سەر بەنیشتمانێکی بێ سنوورو گەردوونییە...!بەم چەشنە مەنفا کە ئازادی بۆ کۆچەرییەکان دابین دەکا شوێنپێ بە نیشتمانێك چۆڵ دەکا کە لە ناوەوەی خۆیدا جەهەنەمێکی سەرزەمینی بۆ مرۆڤەکان دروستکردووە، بەتایبەت ئەوانەی کە خەیاڵی ئازادی‌و ژیانێکی سەربەستانە دەکەن، مەنفا گرێدراوە بە ئازادی‌و هەڵبژاردن، واتە دوو شت کە ئێمە لەم وڵاتە نیمانە ئەوەیە یەکەمجار من لە شوێنێك لە دایکبوومە کە دواجار لەگەڵ زیهنییەت‌و خەیاڵم یەکانگیرنابێتەوە، لەوەش زیاتر ئەو ساتەی دەبێتە گۆڕەپانی لە بەینبردنی ئازادییە کەسییەکانم.

ئەگەر مەنفا دوا چارەسەر نەبێ بۆ کەسانێك کە نیشتمان لەماڵەکەی خۆی دەریاندەکات، باشە دەبێ بیر لە چ جوگرافیایەك بکەینەوە؟ ئێمەی کورد خاوەنی دەیان کەسی مەنفاییین کە هەرگیز ئامادە نەبوونە لە سەردەمی بەعس کوردستان جێبهێڵن، کەچی لە سەردەمی حوکمی کوردی یان ڕاستتر بڵێین لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی حزبی کوردی بۆ هەتا هەتایە ئەم وڵاتە جێدەهێڵن؟! دڵنیام لەوەی کە کردنی ئەم پرسیارە هەم قورسەو هەم بێ وەڵام دەمێنێتەوە......ئەمەش یەك لەو دەیان پرسیارانەیە کە ئاغاکانی کورد بەسەریدا بازدەدەن‌و خۆیانی لێ دەدزنەوە.....؟!

**دەمێنێتەوە.. نیشتمانێك نییە لەسەری بژین کە بەتەواوی بەهی خۆمانی بزانین، بەڵکو نیشتمانی ئێمە وا لەناوماندایە، واتە ئەوە نیشتمانە لەناو ئێمەدایە نەوەکو ئێمە...هیچ هێزێکیش ئەگەر چەندی ستەمکار بێت ناتوانێ دەست بۆ ئەو نیشتمانەی ناو خەیاڵگەی من ببات‌و تاپۆی بکات! بۆیە بەڕای من مەنفا چیدی مانای ونبوونی ئینسانەکان نییە بەقەد ئەوەی مانای خۆدۆزینەوەو مومارەسەکردنی ئازادییەکان‌و جێبەجێکردنی پرۆژە تەواونەکراوو یاساغکراوەکانی مرۆڤە مەزنەکانە، ئەوانەی شتێکی نوێیان بۆ ئێستاو ئایندە پێیە، نەوەکو هەمیشە بەمیراتی کۆنەوە ببنە میوانی ناوەختەمان!**